بەش: سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی

کۆلێژ: زانستە سیاسییەکان

زانکۆ: سەلاحەدین- هەولێر

بابەت: سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران

پەرتووکی کۆرس: قۆناغی ماستەر-سمیستەری یەکەم

ناوی مامۆستا: پ.ی.د. پەرویز رەحیم قادر

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس: | **سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران** |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس: | پ.ی.د. پەرویز رەحیم قادر |
| ٣. بەش/ کۆلێژ: | سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان |
| ٤. پەیوەندی: | ئیمێل: parwez.qader@su.edu.krd |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک: | سێ (٣) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| ٦. ئەرکی قوتابی: | حەفت(٧) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس: | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا: | بەکالۆریۆس لە (زانستە سیاسییەکان) بە پلەی نایاب–کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.<br>ماستەر لە (زانستە سیاسییەکان) بە پلەی نایاب (سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین /هەولێر.<br>دکتۆرای فەلسەفە لە "زانستە سیاسییەکان" (دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی)، بە پلەی نایاب لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.<br>پسپۆری گشتی :زانستە سیاسییەکان(Political Sciences).<br>پسپۆری ورد :تیۆری سیاسی(Political Theory).<br>پلەی وەزیفی وشوێنی کاری ئێستا: پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>**بەشێك لە کتێب و توێژینەوە زانستییە بڵاوکراوەکان:**<br>**أ- کتێب**<br>١-کاریگەرییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان-عێراق(نووسینی هاوبەش) -عێراق، هەولێر: دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٢.<br>٢- سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەولێر: دەزگای موکریانی، ٢٠١٤.<br>٣- دەوڵەت و نەتەوە(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: خانەی هزریی کوردستان، ٢٠١٧.<br>٤- نشتیمانسازی(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٨.<br>٥- سیاسەتی دەرەکی و ناسنامە، هەولێر :خانەی موکریانی بۆ چاپ و |

| | |
|---|---|
| بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.<br>٦- ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.<br>٧- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێکدادانی ناسنامەکان (نووسینی هاوبەشی)، **"ناسنامە و سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران"**، هەولێر: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ٢٠٢١.<br>٨- نێچیرڤان بارزانی ڕوانگەیەک بۆ چارەسەر(نووسنی هاوبەش)،" **خوێندنەوەیەک بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیژی نوێی فەڕەنسادا"، و "لە** قوربانییەوە **بۆ بکەر: خوێندنەوەیەک بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان-عێراق و ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"**، هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢٢.<br>٩- **دەوڵەتی کوردستان** :بۆچوونی جیاواز(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٥.<br>١٠ -**ئایندەی سەقامگیری لە عێراقێکی ناڕووندا** (نووسینی هاوبەش)، **عێراق وەک زۆنی خۆڵەمێشی لە ململانێ ستراتیژییەکانی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ئێران و ئەمریکا وەک نموونە**، زنجیرەی کتێبی ستراتیژی(١)، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان (CPSS)، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٢٣.<br>**ب- توێژینەوەی زانستی**<br>١-کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، گۆڤاری یاسا و رامیاری، ژمارە:١٧، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین: ٢٠١٥.<br>٢- دیاردەی ناسەقامگیری سیاسی و کاریگەری لەسەر وەرچەرخانی سیستەمی سیاسی ئێران، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستەسیاسییەکان:٢٠١٦.<br>٣- ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان:٢٠١٧.<br>٤- ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی کەنداو، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، ٢٠١٨.<br>٥- ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠١٩.<br>٦- کاریگەری ئاسایش لەسەر گەشەسەندن: هەرێمی کوردستان وەك نموونە(٢٠١٤-٢٠١٩)، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠٢٠.<br>٧- ڕەخنەکانی فمێنیزم لە بنەماکانی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان: فمێنیزمی پۆست-مۆدێرن وەك نمونە، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠٢٠.<br>٨- شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢١ . | |

| | |
|---|---|
| | ٩- پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، هەولێر: گۆڤاری قەلای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢٢.<br>١٠- ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نموونە، هەولێر: گۆڤاری قەلای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢٢.<br>**بوارەکانی توێژینەوە و جێگەی گرنگی:**<br>تیۆری سیاسی، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، پرسەکانی ناسنامە، کاروباری کۆماری ئیسلامی ئێران، سیاسەتی دەرەوە. |

**١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

گرنگی و ئامانجەکانی ئەم کۆرسە لەم خاڵانەی لای خوارەوەیە:

١-ئەم وانەیە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر بابەتی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها چۆنییەتی دروستکردنی بڕیار لە ناوخۆ و دەرەوە و سیاسەتی گشتی بەشێوەیەکی بەربلاو و فراوان لە ئێران، هەروەها تێگەیشتنێکی سەردەمیانە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیاستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە و بەم پێیەش گرنگی و هۆکاری بایەخپێدانی لە لایەن بەشی زانستە سیاسییەکانەوە.

٢- هۆکارێکە بۆ ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێویستە قوتابی بەشی زانستە سیاسییەکان شارەزایی هەبێت لەسەریان، هەروەها ئاماژە کردن بەو هۆکارانەی (ناوخۆی و دەرەکی) کە رۆڵیان هەیە و دەبینن لە پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو لە ناوخۆ یاخود دەرەوە.

٣- بابەتی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگی دەدات بە ناسنامە و پێکهاتەی سیستەمی سیاسی و دامەزراوە یاسایی و دەستووری و ئاسایشییەکان و هەوڵدەدرێت ئەوە روون بکرێتەوە بۆچی و چۆن ئەم سیستەمە سیاسی-دەستوورییە دروستکراوە، دواتر پەیوەندی نێوان بابەتەکانی سیستەمی سیاسی و سیاسەتەی دەرەوە، لەگەڵ روونکردنەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم وانەیە، وەکوو؛ بونیادە هزری و ناسنامەییەکانی سیستەمی سیاسی لە ئێران، کاریگەری ئەم سیستەم و ناسنامەیە لەسەر سیاسەتەی دەرەوە و گۆڕانکاری و سیاسەتەی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە بەپێی قۆناغە جۆراوجۆرەکان.

٤- بەراوردکردن و خستنەرووی لایەنە هزری و تیۆرییەکان دەربارەی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە، هەروەها خستنەرووی ئەوەی کە چۆن دواجار بوونەتە هۆی بەردەوامی و گۆڕان لە شێوازی پیادە کردنی سیاسەتی دەرەوە لە بەرامبەر پرس و ئەکتەرە جیاوازەکان. هەروەها دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان رێبازە جیاوازەکان، جیاوازییە لە گریمانە و بنەما ئۆنتۆلۆجی و ئیپیستمۆلۆجییەکانی هەر یەکێک لەو رێبازانە لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران. پاشان هەوڵدراوە سیاسەت و نموونەکانی کاریگەری سیستەمی سیاسی ئێران لەسەر سیاسەتی دەرەوە بخرێتەروو.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

لەم ساڵی خوێندندا چەندین بابەتی گرنگ لە چوارچێوەی وانەی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دا دەخوێندرێت کە باس لە بایەخ و گرنگی کاریگەری سیاستەمی سیاسی لەسەر سیاسەتی دەرەوە دەکات بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمی، هەروەها سەرەتای سەرهەڵدانی و چۆنییەتی پەرەسەندنی ئەم سیستەمە سیاسییە و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا .

ئەم وانەیە یارمەتیدەر دەبێت لە تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی ئێران و چۆنییەتی داڕشتنی سیاسەتی گشتی و، هەروەها چوارچێوەیەکی تیۆری گرنگ تەرخان دەکات بۆ کاریگەری ناسنامەی سیستەمە سیاسییەکە

لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانی، تەنانەت لەسەر ئاستی سیستەمی نێونەتەوەیشدا. هەروەها ئەوە بۆ قوتابیان روون دەکاتەوە کە بۆچی ئێران لەگەڵ دەوڵەتێک دەتوانێت دۆستایەتی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دوژمنایەتی دەکات؟ هەروەها وڵامی ئەوە دەداتەوە کە ئایا ئەم دۆستایەتی و دوژمنایەتییە ستراتیژییە یان کاتی و تەکتیکییە؟

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابیان پێویستە لە هەموو وانەکان بەشدار بن و لەهەر هەفتەیەك دا بتوانن لەسەر وانەی رابردوو ویاخود وانەکانی پێشووتر گفتوگۆ بکەن، هەروەها ئامادەبن بە شێوەی هەڵسەنگاندنی خێرا تاقیبکرێنەوە. لەسەر قوتابیان پێویستە لە کۆرسەکە دا سمینار پێشکەش بکەن لەسەر پرس و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە وانەکە. واباشترە کە قوتابیان بێجگە لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سوود لە سەرچاوەکانی تر کە خراونەتەروو و پێشکەشکراوە، وەربگرن.

**١٣. رێگەی وانە ووتنەوە:**

لەم سمیستەرەدا مامۆستای وانەکە ناوەرۆکی بابەتی وانەکە لە شێوەی وانە یاخود "محازەرات" بە پێی ئەو خشتەیەی کە دەیخەینە روو بۆ قوتابیان پێشکەش دەکات بە سوود وەرگرتن لە" وایت بۆرد" و "داتاشۆ"، لەگەڵ بەشداری پێکردنی قوتابیان لە رێگەی پرسیار و وڵام و رەخساندنی بوار بۆ گفتوگۆ و راڤەی بابەت و پرسەکان و هەروەها ئەنجامدانی سمینار و ئارتیکل ریڤیو.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

بەم جۆرەی خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەکرێت:

١. لە رێگای تاقیکردنەوەی میدتێرم و کۆتایی سمیستەر.
٢. لە رێگای تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خێرا (quiz) .
٣. لە رێگای بەشداری و گفتوگۆی ناو پۆل.
٤. لە رێگای سمینار.

پێشکەشکردنی سیمینار بەشێوەی (پریزێنتەیشن) ٢٠ نمرەی لەسەرە و ناونیشانەکەی دەبێت لەلایەن مامۆستای بابەتەوە دەستنیشان بکرێت و هەروەها ئەنجامدانی کویز(Quiz) ١٠ نمرەی لەسەرە و ٢٠ نمرە بۆ تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) دەبێت. لە (٥٠%) نمرەکەی دیکە لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی(Final exam) دەبێت.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

ئامانجی روونی ئەم بابەتە بریتییە لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی ماستەر لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی بۆ ئەوەی تێروانین، بیروبۆچون و رۆشنبیریەکی زانستیان هەبێت سەبارەت بە سیستەمی سیاسی لەئێران، هەروەها قوتابیانی ئەم قۆناغە پێویستییەکی زۆریان بەخوێندنی ئەم بابەتە هەیە بۆئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی پسپۆری خۆیان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەستنیشانی بنەما و رەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی زانستی باس لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و چۆنیەتی دارشتن و پەیرەوکردنی دەکات و هەوڵدەدات ناروونی و نادڵنیایی قوتابیان لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لەبەرامبەر ئەکتەرە جیاوازە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان نەهێڵێت و تەنانەت قوتابیان ببنە کەسێکی لێوەشاوە و بەتوانا لە شرۆڤە و شیکردنەوەی ئەکادیمی و هەڵسەنگاندنە پراکتیکییەکاندا لە بوار و ڕەهەندەکانی سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران.
هەروەها لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە قوتابی و خوێندکارێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر پێدەگەیەنین بۆ نێو بواری توێژینەوە و راگەیاندن و تەنانەت دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت.
دیارترین ئەو خاڵانەی کە دەبێت خوێندکار فێریان ببێت لە کۆتایی ئەم کۆرسەدا:

١. پەیوەندی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە
٢. بنەما و چوارچێوەی سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران
٣. بنەما و چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران
٤. نموونە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران

**16. لیستی سەرچاوە:**

سەرچاوە بنەڕەتییەکان:
-پەرویز ڕەحیم قادر، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، 2014.
- پەرویز ڕەحیم قادر، سیاسەتی دەرەکی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.
- پەرویز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.
-چارچوبی تحلیلی برای بررسی سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران / روح‌الله رمضانی؛ ترجمه علیرضا طیب. تهران: نشر نی، 1380.
-الدكتور خير إله بروين، **الوسيط في القانون الدستوري الإيراني**، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت 2009.
- د. نور الدين أبو لحية ، **إيران .. نظام وقيم؛ قراءة موضوعية لنظام الحكم في إيران والمبادئ التي يقوم عليها،** دار الأنوار للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
- **دستور إيران** الصادر عام 1979 شاملا تعديلاته لغاية عام 1989.
- شاكر كسرائي، إيران: الأحزاب والشخصيات السياسية (1890 – 2013) ، بيروت: رياض الريس للكتب والنشر، ٢٠١٤.
- فاطمة الصمادي، **التيارات السياسية في إيران: صراع رجال الدين والساسة**، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات (2019).
-احمد نوري النعيمي ، **السياسة الخارجية الايرانية بين الثوابت والمتغيرات**، دار أمجد للنشر والتوزيع ، عمان ، 2016.
-ايزدي بيزن، **مدخل إلى السياسة الخارجية لجمهورية إيران الإسلامية**، الدار الثقافية للنشر،عام2000.
-تقي أزادا آرمكي، **العولمة وأثرها على الهوية والثقافة الإيرانية**، ترجمة علي طاهر الحمود (بغداد: بيت الحكمة، 2012).
-جلال الدين محمد صالح ، **ولاية الفقيه واشكالية السلطة السياسية في الفقه الشيعي**، مكتبة القانون

والاقتصاد ، الرياض ، 2015.
-حسن حامد الحبوني ، **السياسة الايرانية نحو دول الشرق العربي 1979- 2016** ، دار الاكاديميون للنشر والتوزيع ، عمان ، 2021.
-رضا عيسى نيا ، **المواطنة في الجمهورية الاسلامية في ايران (المبادئ والاسس)**، ترجمة : عباس جواد ، نركو الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي ، بيروت ، 2018.
-طلاس عتريسي ، **جيو – استراتيجيا الهضبة الايرانية (اشكاليات وبدائل)**، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي ، بيروت ، 2009.
-طلال عتريسي، **الجمهورية الصعبة إيران في تفاعلاتها الإقليمية والدولية** (بيروت: دار الكتاب العربي، 2006).
-علي عبد الله كريم، **دستور الجمهورية الإسلامية الإيرانية: قراءة في عناصر التجديد والحداثة** (بيروت: مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي، 2008).
-كينيث كاتزمان، **الحرس الثوري الإيراني: نشأته وتكوينه ودوره**، ترجمة: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبو ظبي، 1996.

**الدوريات:**

١- أثر تغير القيادة السياسية على السياسة الخارجية الإيرانية تجاه الولايات المتحدة الامريكية 2005 – 2021م، محمد أحمد السيد حسن – إشراف : أ.د محمد سالمان طايع – كلية الاقتصاد والعلوم السياسية – جامعة القاهرة – مصر، المركز الديمقراطي العربي، ٢٠٢٣.
٢- إلياس ميسوم، النظام السياسي الإيراني واليات صنع القرار فيه (دراسة في المؤسسات الرسمية)، المجلة الجزائرية للدراسات السياسية، العدد الأول، 2018/6/13.
٣- شيماء محمد أبوعامر، الهوية وأثرها في تشكيل السياسة الخارجية الايرانية، مركز جيل البحث العلمي - مجلة جيل الدراسات السياسية والعلاقات الدولية - العدد 30: مايو 2021. الصفحة 11.
٤- وصفي محمد عقيل، خالد مفضي الدباس، الاختراق السياسي الإيراني لدول الجوار العربي؛ دراسة حالة "العراق، البحرين، اليمن "، دراسات، العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلّد 45، العدد 4، 2018.
٥- عبد المنعم نيفين، صنع القرار في إيران، مركز دراسات الوحدة العربية، عام 2001.
٦- العبيدي، محمد عبد الرحمن يونس، تركيبة النظام السياسي في الجمهورية الإسلامية الإيرانية،جامعة الموصل مركز الدراسات الإقليمية، المجلد 4، العدد 9 (31 مارس/آذار 2008)، ص ص. 157-181، 25ص.

**الرسائل العلمية:**

1- **أميمة إبراهيم، *الصراع بين المحافظين والاصلاحيين وأثره على السياسة الخارجية الإيرانية تجاه الولايات المتحدة الامريكية في عهد الرئيس محمد خاتمي* (1997-2005)، ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية،** 2010.
2- **احمد محمد سعيد، *أثر القيادة السياسية على السياسة الخارجية الإيرانية: دراسة مقارنة بين فترتي محمود أحمدي نجاد وحسن روحاني*، ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية،** 2017.

3- خالد حمود، *أثر تغير القيادة السياسية على السياسة الخارجية الإيرانية تجاه دول مجلس التعاون الخليجي (1997-2009)*، ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، 2012.

4- زهية خالوش، *دراسة في متغير القيادة السياسية الإيرانية وأثره على العلاقات الإيرانية الامريكية 1979-2014*، ماجستير، جامعة محمد بوضياف، كلية الحقوق والعلوم السياسية، 2016.

5- شريفة شوادر، *العلاقات الإيرانية الامريكية وتداعياتها على منطقة الشرق الأوسط (2003-2016)*، ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، 2017.

6- شنين محمد المهدي، السياسة الخارجية الإيرانية تجاه دول المشرق العربي (2001- 2013)، ماجستير، جامعة محمد خيضر- بسكرة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، 2014.

7- علا منصور، *التحوط الاستراتيجي في السياسة الإيرانية تجاه الولايات المتحدة، دراسة حالة البرنامج النووي الإيراني (2002-2018)*، ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، 2019.

8- محمد عباس ناجي، *العلاقة بين المؤسسات المنتخبة والمؤسسات المعينة وأثرها على عملية صنع القرار في النظام الإيراني (1989-2005)*، ماجستير، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، 2011.

9- محمود علاء الدين حواش ، أثر المذهبية علي السياسة الخارجية الإيرانية تجاه الشرق الأوسط في الفتره من (2003: 2015) "دراسه حالة :العراق". اشراف : د. ياسمين أحمد (جامعه بني سويف – كليه السياسه والاقتصاد – قسم العلوم السياسيه ). المركز الديمقراطي العربي، ٢٠٢١.

10- ياسر إبراهيم، *السياسة الإيرانية تجاه ثورات الربيع العربي –الثورة السورية نموذجا*، ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، 2018.

**English**:

- Ali Abdullah Karim, **The Constitution of the Islamic Republic of Iran (Reading in the Elements of Renewal and Modernity)**, Arab Civilization Center for Media, Publishing and Studies, Beirut, 2008.

- Emad Khalili, **The foreign policy of Islamic Republic of Iran: Ideology and Pragmatism in Iran**, International Academic Journal of Social Sciences, Vol. 3, No. 5, 2016, pp. 28-34.

- Hassan Hamid Al-Habbouni, **Iranian Policy towards the Arab East Countries 1979-2016**, Dar Al-Akameyoun for Publishing and Distribution, Amman, 2021.

- Jalal al-Din Muhammad Salih, **Wilayat al-Faqih and the problematic of political authority in Shiite jurisprudence**, Library of Law and Economics, Riyadh, 2015.

- Mahmood Sariolghalam, **"Iran in Search of Itself,"** Current History 107, no. 713 (December 2008): 426–7.

- Munawar Hussain, Sameena Abid, Muhammad Mumtaz Ali Khan, **Impact of Ideological Factors on Foreign Policy of Iran towards United States**, Orient Research Journal of Social Sciences ،June, 2021, Vol.6, No. 1 [106-115].

- Reda Issa Nia, **Citizenship in the Islamic Republic of Iran (Principles and Foundations)**, translated by: Abbas Jawad, Narco Civilization for the Development of Islamic Thought, Beirut, 2018.

- Saïd Amir Arjomand, **"Shi'ite Islam and Revolution in Iran,"** in Sociology of Shi'ite Islam: Collected Essays (Boston: Brill, 2016), 410–411. Originally published as "Shi'ite Islam and Revolution in Iran," Government and Opposition 16, no. 3 (1981): 293–316.

- Tlas Atrissi, **Geo-Strategy of the Iranian Plateau (Problems and Alternatives)**, The Civilization Center for the Development of Islamic Thought, Beirut, 2009.

- Vali Golmohammadi, **The Foreign Policy of the Islamic Republic of Iran: Prospects for Change and Continuity**, All Azimuth V8, N1, 2019, 93-102.

-Constitution of the Islamic Republic of Iran.

-Kayhan Barzegar, **The shia factor in Iran's foreign policy**, Middle East and Persian Gulf Studies Group, Foreign Policy Department, center for strategic research. 2008.

| | |
|---|---|
| ناوی مامۆستای وانەبێژ | ١٧. بابەتەکان: |

| | |
|---|---|
| **وانەی یەکەم: خستنەروو و ناساندنی وانەی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران**<br>ئاشناکردنی قوتابیان بە ناوەرۆکی وانە و ئامانجی کۆرس<br>ناساندنی سەرچاوەکان بە قوتابیان | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی دووەم: بنەماکانی هزریی و چوارچێوەی تیۆری وانە** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی سێیەم: سیستەمی سیاسی و پێکهاتەی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی چوارەم: ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی پێنچەم: جیۆپۆلیتیک و گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی شەشەم: کێشە و پرسەکانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی: پرسی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بزوتنەوە توندڕەوەکان وەک نموونە** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی حەوتەم: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتانی کەنداو** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی هەشتەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی نۆیەم: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی دەیەم: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیل** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی یازدەیەم: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی دوازدەیەم: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و ڕووسیا** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی سێزدەیەم: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری گەلیی چین** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |
| **وانەی چواردەیەم: سمینار و پێداچوونەوە بە وانەکان** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٣ کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| | **وانەی پازدەیەم: تاقیکردنەوەی کۆتایی** |

**١٨. بابەتی پراکتیک:**
بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفتوگۆ و سیمیناری قوتابی/خوێندکاران دەبینێتەوە.

**١٩. تاقیکردنەوەکان:** "نموونەی پرسیارەکان"

**پرسیار: پەیوەندی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە چییە؟ روونی بکەوە بە هێنانەوەی نموونە.**

**پرسیار: چوارچێوەی فقهی-شیعی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران چییە؟**

**پرسیار: بنەما هزرییەکانی ئایین لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بخەروو؟**

**پرسیار: پێکهاتەی فەرمی-یاسایی یاخود دامەزراوەیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران شرۆڤە بکە؟**

**پرسیار: کێشە و ناکۆکییە ناسنامەییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا کامانەن؟**

**پرسیار: بەپێی سیاستەمی سیاسی و ناسنامەی کۆماری ئیسلامی، پرسی ئەتۆمی ئێران بۆچی بۆتە کێشە و جێگەی ناکۆکی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:

هاوەڵ: